گـۆڤـاری زانـكـۆی ڕاپــەڕیــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين

E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI: https://doi.org/10.26750/079nyj39

ڕێـكەوتـی وەرگـرتـن: 15/04/2025
ڕێكەوتی پەسەندكردن: 15/07/2025
ڕێـكەوتی بڵاوكردنەوە: 29/10/2025

# ڕێورەسمی هاوسەرگیریی
## (توێژینەوەیەکی ئەنترۆپۆلۆژییە لە چەمچەماڵ)

چالاک رحیم محمد[1] - نادیە ولی جبار[2]
nadia.jabbar@su.edu.krd - chalak.mohammad@su.edu.krd
[1+2] بەشی کۆمەڵناسی، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**پوختە:**
ئەم توێژینەوەیە بە مەبەستی شیکردنەوەی ڕێورەسمی هاوسەرگیرییە لە شارۆچکەی چەمچەماڵ. توێژینەوەکە تیشک دەخاتە سەر بونیادی کۆمەڵایەتی، و کولتوری، و ئەو گۆڕانکارییانەی لە ئێستادا بەسەر ئەو مەراسیمەدا هاتوە. گرنگی توێژینەوەکە، لەوەدا دەردەکەوێت کە چەمچەماڵیش کۆمەڵگەیەکی لۆکاڵی دیاریکراوە و ڕێورەسمەکانی هاوسەرگیریی و جۆرەکانی تا ئێستا توێژینەوەیەکی ئەنترۆپۆلۆژیی بەپێی زانیارییەکانی توێژەران، ئەنجام نەدراوە. ئامانجی ئەم توێژینەوەیە؛ ڕۆشنایی خستنەسەر ڕێورەسمی هاوسەرگیریی و دیاریکردن و خستنەڕوی شێواز و جۆرەکانی هاوسەرگیرییە لە چەمچەماڵ. هەروەها تیشک خستنەسەر ئەو گۆڕانانەی بەسەر ئەو ڕیورەسمەدا هاتوە لە ئێستادا. میتۆدی بەکارهاتو لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی ئەنترۆپۆلۆژییە، توێژەران هەوڵیانداوە مانا و هێما و نیشانەکانی چۆنیەتی بەڕێوەچونی هاوسەرگیریی لە چەمچەماڵ شەنو کەو بکەن، لەم پێناوەدا نمونەیەکی مەبەستدار لە خەڵکی چەمچەماڵ وەرگیراوە بۆ ئەوەی چاوپێکەوتنی نیمچەکراوەیان لەگەڵدابکرێت، بۆ ئەم مەبەستە (11)کەس؛ کە (5) ئافرەت و (6) پیاو بون وەک نمونە بۆ وەرگرتنی زانیارییەکان وەرگیراون، بۆ دەستخستنی زانیاریی زیاتر سودوەرگیراوە لە (بەشداریکردن و تێبینی ڕاستەوخۆ، بەڵگەنامە و داتا و زانیارییەکان، سودوەرگرتن لە ئامرازی وێنەگرتن و تۆمارکردنی دەنگ و تێنوس). توێژینەوەکە بە چەند ئەنجامێک گەیشتوە، لەوانە: هاوسەرگیریی ئاسایی باوترین شێوازە لە چەمچەماڵ، لە کاتێکدا جۆرەکانی وەک ژن بە ژن، گەورە بە بچوک و تۆڵەی خوێن، تەنها لە مێژوی کۆنی ناوچەکەدا هەبون و ئێستا نەماون. بەڵام فۆرمی ڕێورەسمەکانی هاوسەرگیریی لەگەڵ گۆڕانە کۆمەڵایەتیی و کولتورییەکان، گۆڕانیان بەسەرداهاتوە، نەوەی نوێی چەمچەماڵ کاریگەربون بە گۆڕانە جیهانی و لۆکاڵییەکان. جیاواز لە ڕابردو، کە باوان ڕۆڵی سەرەکییان لە هەڵبژاردنی هاوسەردا هەبو، ئێستا زۆرینەی گەنجان خۆیان هاوسەرەکانیان هەڵدەبژێرن. خەنەبەندان هێشتا بەردەوامە، بەڵام بە شێوازی نوێ، هەروەها مەراسیمی پاشتێلانە (هەفتانە) گرنگی خۆی پاراستوە، بەپێی توانای خێزان دیاری تایبەت یان پارە بۆ هاوسەران دەبردرێت.

**کلیلە وشەکان:** ڕێورەسمی هاوسەرگیریی، گۆڕانی کۆمەڵایەتی-کولتوریی، دابونەریت

# The Marital Process in Chamchamal
# An Anthropological Study

**Chalak Raheem Mohammed[1]- Nadia Wali Jabbar[2]**

[1+2]Department of Sociology, College of Arts, Salahaddin University-Erbil, Kurdistan Region,Iraq.

Abstract:

This study aims to analyze marriage ceremonies in Chamchamal township. The study highlights the social, cultural, and current changes in the ceremony. The importance of the study is shown by the fact that Chamchamal is a local community and wedding ceremonies and types have not been conducted an anthropological study according to the researchers. The purpose of this study; It sheds light on the marriage ceremony and identifies and presents the methods and types of marriage in Chamchamal. Also highlighting the changes that have happened to the ceremony today. The method used in this study is anthropological method. The researchers tried to understand the meaning, symbols and signs of how marriage is conducted in Chamchamal. (5) women and (6) men were used as samples to obtain information. To obtain more information, use was made of (participation and direct observation, documents, data and information, use of photography and audio recording and notebook record). The study concluded that ordinary marriage is the most common form in Chamchamal, while types such as wife-to-wife, adult-to-child and blood revenge existed only in the kind of old history of the region and are now gone. However, the form of wedding ceremonies has changed with social and cultural changes. The new generation of Chamchamal has been influenced by global and local changes. Unlike in the past, when parents played a major role in choosing a spouse, the majority of young people now choose their own spouses. Khanabandan still continues,and Pashtelana (weekly) ceremony has retained its importance, with special gifts or money being taken to the couple according to the means of the family.

Keywords: Wedding Ceremony, Socio-Cultural Change, Cultural Norms.

**پێشەکی:**

کۆمەڵگای کوردی هاوشێوەی زۆربەی کۆمەڵگاکانی دیکە، لە دو دەیەی ڕابردودا گۆڕانکاری بنەڕەتی بەخۆیەوە بینیوە، کە کاریگەری قوڵی لەسەر بونیادی کۆمەڵایەتیی و کولتوریی داناوە، بەتایبەتی لەڕویی توخمە کولتورییەکان و شێوازی ژیان و ڕێورەسم و مەراسیمەکاندا، لەو ڕێورەسمانەش هاوسەرگیرییە، بەشێوەیەک، لەگەڵ پێشکەوتنە خێراکان لە هەمو بوارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی، ئابوری، کولتوری و سیاسی، شێوازی ژیان گۆڕانی بەسەردا هاتوە، کە بە ئاشکرا لە دابونەریت و ڕێوڕەسمەکانی هاوسەرگیرییدا ڕەنگیداوەتەوە.

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (ڕێوڕەسمەکانی هاوسەرگیریی- توێژینەوەیەکی ئەنترۆپۆلۆژییە لە چەمچەماڵ) هەوڵدەدات تیشک بخاتەسەر چۆنیەتی بەڕێوەچونی ئەو مەراسیمە لە ناوچەی چەمچەماڵ، بەجۆرێک چەمچەماڵ بە هۆی هەڵکەوتەی شوێنی جوگرافی و ڕۆڵی بازرگانییەوە هەمیشە لە ژێر کاریگەری گۆڕانکارییە کولتورییەکاندا بوە، وەک بەشێکی گرنگ لە میراتی کولتوری کوردیدا. لەبەرئەوەی هاوسەرگیریی یەکێکە لە بنەما سەرەکییەکانی پێکهاتەی کۆمەڵگا و یەکەم هەنگاوە بۆ بنیاتنانی خێزان و پەیوەندی خزمایەتی؛ شیکردنەوەی دابونەریتەکان و مەراسیمەکانی هاوسەرگیریی ڕێگایەکی کاریگەرە بۆ تێگەیشتن لە بونیادی کۆمەڵایەتی ناوچەی چەمچەماڵ. سەرەڕای ئەو گۆڕانکارییانەی کۆمەڵگاکان بەخۆیانەوە دەبینن، هاوسەرگیریی وەک چوارچێوەیەکی سەرەکی بۆ بەردەوامی کۆمەڵگا ماوەتەوە، بەڵام مەراسیم و چۆنیەتیی بەڕێوەچونی و شێوازەکانی هاوسەرگیریی لە کۆمەڵگەدا گۆڕانی بەسەردا هاتوە، کە لە سەردەمێک بۆ سەردەمێکی دیکە ئەو مەراسیم شێوازانەی کە بون بەبەشێک لە کولتوری کۆمەڵگە، دەگۆڕێن بەپێی ئەو قۆناغانەی کە کۆمەڵگە پێیاندا تێپەڕدەبێت. لێرەدا شایەنی ئاماژەیە، توێژەران تیشک دەخەنە سەر هاوسەرگیریی لە ڕەهەندە کولتورییەکەیەوە، بەومانایەی قۆناغەکانی هەڵبژاردن و دەستنیشانکردن و هۆکاری هەڵبژاردنی هاوسەر و دروستکردنی خێزان و جیابونەوە، بابەتی ئەم توێژینەوەی نین، چونکە ئامانجی توێژینەوەکە خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە دیوە کولتورییەکەی هاوسەرگیریی لە چەمچەماڵ بخاتەڕو، بەجۆرێک شێوازەکانی هاوسەرگیریی، کە کاریگەرن بە کولتوری کۆمەڵگە، هەروەها ڕێوڕەسمی هاوسەرگیریی لە چەمچەماڵ دەخاتەڕو، بەمەبەستی پێشکەشکردنی وێنەیەکی هەمەلایەنە لە ڕوە کولتورییەکەی ئەوە بابەتە ڕونبکاتەوە، هەروەها کاریگەریی بەڕێوەچونی ئەو مەراسیمانە لەسەر تاکەکەن لە ڕوی پاراستنی هاوبەندی کۆمەڵایەتی و بەهێزکردنی یەکانگیری کۆمەڵایەتی لە چەمچەماڵ.

**بابەتی توێژینەوە:**

بابەتی هاوسەرگیریی فرەڕەهەندە و لەڕوی کۆمەڵناسی، دەرونناسی و یاسایی و ئەنترۆپۆلۆژیاوە توێژینەوەی لەبارەوە ئەنجامدراوە و دەدرێت. لەڕوی ئەنترۆپۆلۆژییەوە ڕیوڕەسمەکانی هاوسەرگیریی بابەتێکی گرنگە و کۆمەڵێک توخمی کولتوریی کۆن و نوێی تێدا بەدیدەکرێت، بەجۆرێک ئەو مەراسیمانە لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ یەکی دیکە بەپێی کولتوری کۆمەڵگە دەگۆڕێت، هەروەها شێوازەکانی هاوسەرگیریی بەهەمانشێوە کاریگەر دەبن بە کولتوریی کۆمەڵگەوە، چونکە ستیریۆتایپ و بونیادیی کولتوریی کۆمەڵگە ئەو شێوازانەی هاوسەرگیریی لە کۆمەڵگەیەکی دیاریکراودا دەستنیشان دەکەن. ئەم توێژینەوەی هەوڵێکە بۆ ئەوەی لەڕوی ئەنترۆپۆلۆژییەوە خوێندنەوە بۆ مەراسیمەکانی هاوسەرگیریی و شێوازە جیاوازەکانی بکات لە ناوچەی چەمچەماڵ. پرسیاری سەرەکی لەم توێژینەوەیەدا: ئەو گۆڕانانە کامانەنە کە بەسەر ڕیوڕەسمەکانی هاوسەرگیریدا هاتون لە چەمچەماڵ؟ شێوازەکانی هاوسەرگیریی لە چەمچەماڵ کامانەن؟ چ گۆڕانێک لە ڕێورەسمەکانی هاوسەرگیریدا ڕویانداوە، ئەو دابونەریت و مەراسیمانە کامانەن کە پەیوەستن بە چۆنیەتیی بەڕێوەچونی قۆناغەکانی هاوسەرگیرییەوە لە چەمچەماڵ.

**گرنگی توێژینەوەکە:**

گرنگی توێژینەوەکە، لەوەدا دەردەکەوێت کە بابەتەکانی ئەنترۆپۆلۆژیا پەیوەستن بە کولتور و توخمە کولتورییەکانەوە، بۆیە توێژینەوە لەبارەی ڕێوڕەسمی هاوسەرگیریی یەکێکە لەو بابەتە گرنگانەی تەواو پەیوەستن بە کولتورەوە، هاوسەرگیریی لە هەمو کۆمەڵگەیکدا بونی هەیە، بەڵام ئەوە کولتوری کۆمەڵگەکانە ڕێوڕەسمەکانی ئەو هاوسەرگیرییە جیاواز دەکات و مۆرکی کۆمەڵایەتیی خۆی بەسەردا دەچەسپێنێت، چەمچەماڵیش کۆمەڵگەیەکی لۆکاڵی دیاریکراوە و

ڕێوڕەسمەکانی هاوسەرگیریی و جۆرەکانی تا ئێستا توێژینەوەیەکی ئەنترۆپۆلۆژیی بەپێی زانیارییەکانی توێژەران، ئەنجام نەدراوە، ئەمەش ئەم توێژینەوەیە دەکاتە سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی زانستی لەم بوارەدا.

**ئامانجەکانی توێژینەوەنەکە:**

ا-خستنەڕوی شێواز و جۆرەکانی هاوسەرگیریی لە چەمچەماڵ.

ب-تیشک خستنەسەر مەراسیمەکانی هاوسەرگیریی و ئەو گۆڕانانەی بەهۆکاری گۆڕانی کۆمەڵایەتیی-کولتوریی بەسەر مەراسیمەکانی هاوسەرگیرییداهاتون لە چەمچەماڵ.

**میتۆلۆژیای توێژینەوەکە:**

میتۆدی بەکارهاتو لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی ئەنترۆپۆلۆژییە، توێژەران هەوڵیانداوە مانا و هێما و نیشانەکانی چۆنیەتیی بەڕێوەچونی هاوسەرگیریی لە چەمچەماڵ شەنوکەوبکەن، بۆ ئەوەی بتوانرێت سیما و نیشانەکانی گۆڕانی کۆمەڵایەتی لەو ڕەهەندەوە بخرێنەڕو، لەم پێناوەدا نمونەیەکی مەبەستدار لە خەڵکی چەمچەماڵ وەرگیراوە بۆ ئەوەی چاوپێکەوتنی نیمچەکراوەیان لەگەڵدابکرێت، بۆ ئەم مەبەستە (11)کەس؛ کە (5) ئافرەت و (6) پیاو بون وەک نمونە بۆ وەرگرتنی زانیارییەکان وەرگیراون، جگەلەوە بۆ دەستخستنی زانیاریی زیاتر سود وەرگیراوە لە (بەشداریکردن و تێبینی ڕاستەوخۆ، کە یەکێک لە توێژەران خۆی خەڵکی ناوچەکەیە، بەڵگەنامە و داتا و زانیارییەکان) **ئەو ئامرازانەی لەم توێژینەوەیەدا بەکارهاتون بریتین لە:**

ا-چاوپێکەوتنی نیمچە کراوە: بۆ کۆکردنەوەی زانیارییەکان توێژەران چەند کەسێکی خاوەن ئەزمون و تایبەتمەندییان دەستنیشانکردوە تاوەکو چاوپێکەوتنیان لەگەڵدا ئەنجامبدەن سەبارەت بە چۆنیەتیی بەڕێوەچونی مەراسیمەکان و شێوازەکانی هاوسەرگیریی لە چەمچەماڵ.

ب -تێبینی بە بەشداریی: توێژەران هەوڵیانداوە لە مەراسیمەکانی هاوسەرگیریی بەشداری بکەن و تێبینی ورد تۆماربکەن سەبارەت بە شێوازی ئەو مەراسیمە و قۆناغەکانی بەڕێوەچونی و ئەو کەلوپەل و ئامرازانەی لەو مەراسیمەدا بەکاردەهێنرێن تابیان بەستنەوە بە وەسف و شیکردنەوەکان سەبارەت بە چۆنیەتیی و شێوازی بەڕێوەچونی هاوسەرگیریی لە چەمچەماڵ.

ج-تۆمارکردنی چاوپێکەوتنەکان: بۆئەوەی چاوپێکەوتنەکان تۆماربکەین، توێژەران پشتیانبەستوە بە ڕیکۆردکردنی دەنگەکان، تاکو زانیارییەکان بە تەواوی تۆماربکەن، بۆ ئەوەی هیچ بابەتێک فەرامۆش نەکرێت.

د- تێنوس: توێژەران هەوڵیانداوە بەردەوام لە مەیداندا تێنوس بەکاربێنن بۆ تۆمارکردنی ئەو زانیاریانەی کەوا تێبینییان دەکەن، تاکو دواتر تێبینییەکان وەک سەرچاوەیەکی زانیاری بۆ دەوڵەمەندکردنی توێژینەوەکە بەکاربێنن.

هـ-وێنەگرتن: بۆ دەوڵەمەندکردنی توێژینەوەکە و خستنەڕوی بابەتەکە توێژەران هەوڵیانداوە وێنەی چەند لایەنێک و هەنگاوەکانی مەراسیمی هاوسەرگیریی وەربگرن، بۆ ئەوەی بتوانن بەشێوەیەکی قوڵ وەسفی مەراسیمەکە بکەن. بەهۆی تایبەتمەندی ناوچەکەو ئەو کەسانەی ئێستا هاوسەرگیریی دەکەن، زیاتر لە چینە خێڵەکییەکەن، بۆیە توێژەر بەشێکی زۆری وێنەکانی لە فۆتۆگرافەری مەراسیمەکان وەرگرتوە، لەبەرئەوەی کەسەکان ئامادەنەبون وێنە و دۆکیومەنتێکانی پەیوەست بە مەراسیمی هاوسەرگیرییان بدەن بە توێژەران تاکو بۆ وەسفەکانیان لەم توێژینەوە بیانخەنەڕو.

**تەکنیکی ئەنجامدانی چاوپێکەوتنەکان و خەسڵەتە تایبەتیەکانی لێتوێژراوان:**

1-هەمو ئەو تاکانەی لەم توێژینەوەیەدا وەرگیراون تاوەکو ببنە نمونەی مەبەستدار لەم توێژینەوەیەدا؛ خەڵکی چەمچەماڵن و تاکو ئێستا دانیشتوی قەزاکەن.

2-لێتوێژراوان هەمویان هاوسەرگیرییان کردوە و ئەزمونی باشیان لەسەر بابەتەکە هەبوە، بەم پێیە زانیاریەکی قوڵیان لە چۆنیەتی ئەنجامدانی ئەم مەراسیمەدا هەیە.

3- لەم توێژینەوەیەدا بۆ ئەنجامدانی چاوپێکەوتن هەوڵدراوە بابەتەکە بۆ لێتوێژراو ڕونبکرێتەوە، پاشان بەپێی بژاردەی لێتوێژراوەکات و شوێنی چاوپێکەوتنەکان دەستنیشانکراون، بەجۆرێک هەندێکیان لە ماڵی لێتویژەر یان جێگایەک خۆی پێشنیاری کردوە، ئەنجامدراوە.

4-توێژەرا پێش ئەنجامدانی چاوپێکەوتنەکە بەڵێنیان بە لێتوێژەران داوە کە تۆماری دەنگەکانیان پارێزراو دەبێت، تاکو بە دڵنیایی و بەبێ فشار زانیارییەکان بخەنەڕو.

5-هەمو چاوپێکەوتنەکان ماوەی (30 بۆ 60) خولەکیان خایاندوە. دوای ئەوەی هەمو چاوپێکەوتنەکان تۆمارکران، دەستکراوە بە نوسینەوەیان، پاشان شیکردنەوەی دەربڕین و هێما ونیشانەکانی، کە لێتوێژراوان سەبارەت بە مەراسیمەکانی هاوسەرگیریی لە چەمچەماڵ ئاماژەیان پێکردوە، ئەنجامدراون.

## یەکەم:ناساندنی چەمکەکانی توێژینەوەکە:

**بنیادی کۆمەڵایەتی:** یەکێکە لە چەمکە زاراوە بنچینەییەکانی قوتابخانەی بنیادی ئەرکێتی، ئەمیش یەکێکە لەقوتابخانە سەرەکیەکانی ئەنترۆپۆلۆژیای بەریتانی (شوانی،2017: 207). زانای ئەنترۆپۆلۆژی (رادکلیف براون) بۆ یەکەم جار چەمکی بنیادی کۆمەڵایەتی بەکارهێنا، بەمەبەستی بەراوردکردنی نێوان زیندەوەر و کۆمەڵگا براون پێیوایە؛ بنیادی کۆمەڵایەتی بریتییە لە تۆڕێکی ئاڵۆزی ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتیانەی لە ماوەیەکی دیاریکراوی مێژویدا تێکڕای ئەندامانی کۆمەڵگایەک پێکەوە دەبەستێتەوە(سعدی، 2022: 9). **سیستەمی کۆمەڵایەتی:** سیستمی کۆمەڵایەتی پێکهاتەیەکی بەردەوام و ڕێکخراوە تێیدا تاکەکان، گروپەکان و دامەزراوەکان بەشێوەیەکی ڕێکخراو و سیستەماتیک پەیوەندییان بەیەکەوە هەیە. ئەم پەیوەندییانە بەپێی نۆرم، بەها و ڕۆڵە کۆمەڵایەتییەکان ڕێکدەخرێن. هەروەها سیستمی کۆمەڵایەتی وەک ئۆرگانیزمێکی زیندو کاردەکات هەر بەشێکی ئەرکێکی دیاریکراوی هەیە، بۆ بەردەوامی و پاراستنی سیستمەکە. جەختی لەسەر ئەرکی کۆمەڵایەتی دەکردەوە و پێیوابو هەر دامەزراوە یان ڕێوشوێنێکی کۆمەڵایەتی ئەرکێکی تایبەتی هەیە بۆ پاراستنی هاوسەنگی و بەردەوامی کۆمەڵگا(العثمان، 2002: 90). **ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی:** ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی لێکۆڵینەوەیەکە، لەسەر بنەمای چاودێری دامەزراوە، ئەنترۆپۆلۆژیستەکان ئەم ڕێگایە لە لێکۆڵینەوەکانیاندا بەکاردەهێنن بۆ بەدەستهێنانی ئەو زانیاریانەی پەیوەندیان بە ئاراستەکانی کۆمەڵایەتی و ڕەفتاری کۆمەڵایەتییەوە هەیە. ئەنترۆپۆلۆژیست تەنها گرنگی نادات بەوەی خەڵک چی دەڵێن، بەڵکو زیاتر گرنگی دەدات بەوەی دەیبینێت و چاودێری دەکات لەو کردەوانەی کە ئەندامانی کۆمەڵگای لێکۆڵینەوە لە ڕاستیدا ئەنجامی دەدەن(العثمان، 2002: 32). فەیلەسوف و ئەنترۆپۆلۆژیستی فەرەنسی (کلود لیڤی ستراوس) پێوابو هەڵسوکەوتە کۆمەڵایەتییەکان وەک هاوسەرگیریی (سیستمی هاوسەرگیریی) و بنیادی سیستمی خێزان بە تایبەت لە کۆمەڵگا نامەدەنییەکانی وەک هندییە سورەکانی ناوچەی ئەمازۆن، هاوسەرگیریی لەم کۆمەڵگایانەدا پەیوەستە بە بەرهەهێنانی هێماییەوە وەک؛ زمان لە ڕێگای گوزارشتکردن، سەماکردن، دەستڕەنگینی و هونەر و جلوبەرگ. لەبەرئەمەیە جیاوازی لە نێوان ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی و کولتوریدا نییە، هەروەها ئەم لقەی ئەنترۆپۆلۆژیا بە ڕەوتی کولتوریی ناونراوە کە هاوواتای ئەنترو پۆلۆژیای کولتورییە(جەبار، 2016: 28). **هاوسەرگیریی:** هاوسەرگیریی پرۆسەیەکی ئاینی و یاسایی وکۆمەڵایەتییە پەیوەندییەکی فرەڕەهەندی نێوان ژن و پیاوە بەشێوەیەکی یاسایی و کۆمەڵایەتی و کولتوری ڕێکدەخات. ئەم پەیوەندییە تەنها سنوردار نابێت بە پەیوەندی سێکسی، بەڵکو بوارە جۆراوجۆرەکانی ژیانی تاک، وەک ئەرک و مافی کۆمەڵایەتی، ئابوری، یاسایی و ڕۆحی دەگرێتەوە. هاوسەرگیریی وەک پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتی هەمیشە لە کۆمەڵگا مرۆڤایەتییەکاندا وەک ئامرازێک بۆ

ڕێکخستنی ژیانی کۆمەڵایەتی هەبوە، هەر لە سەردەمانی کۆنەوە تا ئەمڕۆ، بەڵام شێوازی بەڕێوەچونی بەپێی کولتوری کۆمەڵگەیەکی دیاریکراو جیاوازە و بەتێپەڕبونی کات لەڕوی کۆمەڵایەتی و کولتورییەوە گۆڕانی بەسەردا هاتوە. پەیوەندی هاوسەرگیریی بەتەنها دو تاک بەیەکەوە نابەستێتەوە بەڵکو بنەمای دروستکردنی خێزان و کۆمەڵگایە. ئەرکە گرنگەکانی وەک؛ بەخێوکردن وپەروەردەکردنی منداڵ و دابینکردنی پێداویستییە ماددی و مەعنەوییەکانی ئەندامانی دەگرێتە ئەستۆ(النوری، 1982: 224). هاوسەرگیریی پەیوەندییەکی مرۆیی و کۆمەڵایەتی ئاڵۆز و فرەڕەهەندە کە وەک گرێبەستێکی نێوان ژن و پیاو دادەنرێت، لە هەمان کاتدا، زۆر بەهادار و قوڵە لە مانادا. هاوسەرگیریی پەیمانێکی ئەخلاقی، کولتوری، و ئاینییە کە تاکەکان بەیەکەوە دەبەستێتەوە. لە هەر کۆمەڵگایەکدا، هاوسەرگیریی شێوازی جیاوازی هەیە و پابەندە بە نەریت، باوەڕ و یاسا تایبەتەکانی ئەو کۆمەڵگایە، کە دەکرێت لە ڕوی ڕێوڕەسم، ژمارەی هاوسەران، تەمەن و مافەکانەوە، جیاواز بن(ایزار، 2011: 533-535).

هاوسەرگیریی پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتییە کە لە شارستانییەتە جیاوازەکاندا شێوەی جۆراوجۆر لەخۆدەگرێت. لەوانە (تاک هاوسەری، فرەژنی/ ناوخۆیی، دەرەکی/ سەرەتایی، ناوەکی/ هاوسەرگیریی ئاڵوگۆڕ یان ژن بە ژن) (سلیم، 1981: 601). لەئێستادا پرۆسەی هاوسەرگیریی ومەراسیم و ڕێوڕەسمەکانی بەڕێوەچونی گۆڕانیان بەسەرداهاتوە و بەپێی نەریتەکان جیاوازە. ڕیورەسمەکانی هاوسەرگیریی ئامراز و شێوازەکانی بەڕێوەچونی بابەتێکی کولتورییەوە توخمە کولتورییە مادیی و مەعنەوییەکانی کولتورێکی دیاریکراو لەخۆدەگریت، بەتێپەڕبونی کات ئەو ڕێورەسم و مەراسیمانە گۆڕانێاین بەسەردادێت و لە کۆمەڵگەیەک بۆ یەکی دیکە دەگۆڕێت.

## دوەم: جۆرەکانی هاوسەرگیریی و شێوازەکانی لە چەمچەماڵ:

جەوهەری هاوسەرگیریی لە بنەڕەتدا لە زۆربەی کۆمەڵگاکاندا هەر یەک شتە کە ڕێککەوتنێکی کۆمەڵایەتی و یاسایی و ئاینییە لە نێوان دو ڕەگەزی جیاوازدا ئەگەرچی لەسەردەمی ئێستایدا ئەم تێگەیشتنە بۆ هەمو کۆمەڵگەکان ڕەنگە گونجاو نەبێت، لەبەرئەوەی هەندێک لە کۆمەڵگەکان بەتایبەت ڕۆژئاواییەکان، بەشێوەیەکی ڕێژەیی، ڕێگەدەدەن بە هاوسەرگیریی لەنێوان هەمان ڕەگەزدا.، شێوازەکانی هاوسەرگیریی پەیوەندی بە کولتور، ئایین، یاسا و نەریتی کۆمەڵگەکانەوە هەیە و بە درێژایی مێژو گۆڕانکاری بەسەردا هاتوە. بەڵام شێوەی جێبەجێکردن و مەراسیمەکانی لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکیتر بە شێوەیەکی بەرچاو دەگۆڕێت.

بەپێی سەرەنجدان و چاوپێکەوتنەکانی توێژەر، لە کۆمەڵگای کوردەواری بەگشتی و چەمچەماڵ بەتایبەتی شێوازی هاوسەرگیریی لە کۆندا شێوازێک بوە، بەڵام ئێستا گۆڕانی بەسەردا هاتوە. لێرەدا هەوڵدەدەین جۆرە باوەکانی هاوسەرگیریی بخرێنەڕو:

### 1-هاوسەرگیریی ناوخۆیی:

هاوسەرگیریی نێوخۆیی یەکێکە لەجۆرەکانی هاوسەرگریی بەتایبەت لەنێو ئەو کۆمەڵگایانەدا باوە کە نەریتیین و خێڵ و عەشیرەت ڕۆڵی سەرەکییان تێدا هەیە. هاوسەرگیریی نێوان خزمان دیاردەیەکە لە نێو هەندێک بنەماڵە و کۆمەڵگادا باوە، لەم جۆرە کولتورانەدا هاوسەرگری دەرەکی پەسەند نییە و زۆربەی کات فشار لەسەر تاکەکان دەکرێت کە تەنها هاوسەرگیریی لەگەڵ کەسانی هەمان بنەماڵە، خێڵ و گوند، یان نەتەوە و هەرێمدا ئەنجامبدرێت. بە جۆرێک کوڕان ناتوانن کچ لە دەرەوەی گروپەکەیان بخوازن و کچانیش ڕێگەیان پێنادرێت شو بە کوڕانی دەرەوەی گروپەکەیان بکەن (خەلیل، 2007: 53). ئەم شێوازەی هاوسەرگیریی یەکێکە لە باوترین جۆرەکانی هاوسەرگیریی لە کۆمەڵگای کوردیدا،

کە ڕەگ و ڕیشەیەکی قوڵی لە کولتوردا هەیە. هاوسەرگیریی ناوخۆیی چەندین بنەمای ستراتیژی لە پشتەوەیە کە تێیدا فاکتەرە سیاسی، ئابوری و کۆمەڵایەتییەکان ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕن. باوکی بوک لە ڕێگەی ئەم جۆرە هاوسەرگیرییەوە نەک تەنها پەیوەندییە خێزانییەکان بەهێزدەکات، بەڵکو پێگەی سیاسی و کۆمەڵایەتی خۆی لەناو خێڵ و گونددا زیاتر دەچەسپێنێت(خصباك، 1972: 461).

لە چەمچەماڵ هاوسەرگیریی ناوخۆیی یان هاوسەرگیریی نێوان خزمان؛ ڕیشەیەکی قوڵی هەیە و بەشێکی گرنگ بوە لە نەریتی کۆمەڵایەتی ناوچەکە. بەتایبەتی، هاوسەرگیریی نێوان ئامۆزاکان و خزمە نزیکەکانی وەک خاڵۆزا، پورزا، خوشکەزای باوان باو بوە. ئەم شێوازە لە هاوسەرگیریی چەندین هۆکاری هەبوە: بەهێزکردنی پەیوەندی خزمایەتی، پاراستنی سامان و دارایی بنەماڵە بێ دانی شیربایی، وبەهۆکاری ناسیاوییەوە، شێوازێکی هاوسەرگریی، بە بڕوای خێزانەکان، ئاسان بوە و لەڕێگەیەوە توانیویانە پەیمانی خزمایەتی و یەکڕیزی خۆیان بۆ یەکتر نوێ دەکردەوە. لەم جۆرەی هاوسەرگیرییدا کوڕە مام مافی تایبەتی هەبوە وەک خاوەن کچ پرسوڕای پێکراوە، ڕەزامەندی ئەو هەندێکجار لە ڕەزامەندی باوک و برای کچەکە بایەخی زیاتربوە لەم پرۆسەیە. بەشودانی کچە مامەکاندا، ئەگەر کچەکە برای نەبوایە یان باوکی پیر و بێ دەسەڵات بوایە، ئەوا مافی تەواوەتی بۆ ئامۆزابو ئەم شێوازەی هاوسەرگری یارمەتیدەر بوە لە چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان خێزانەکان و کەمکردنەوەی ڕێژەی جیابونەوە بەراورد بە ئێستا. ئێستا ئەم جۆرەی هاوسەرگیریی لە چەمچەماڵ کەمبوەتەوە و ئەو دەسەڵاتەی ئامۆزا هەیبو پێشتر نەماوە و مافی هاوسەرگیریی لەدەستی تەنها خیزانەکەیە بەگشتی و کچ دەتوانێت بەشداربێت لە بڕیاری هاوسەرگرییەکەیدا، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو گۆڕانکارییانەی بەسەر کۆمەڵگەی کوردییدا هاتوە بەگشتی و چەمچەماڵ بەتایبەتی(هەلاڵە، 2025، چاوپێکەوتن).

**2- هاوسەرگیریی دەرەکی:**

هاوسەرگیریی دەرەکی واتە تاکەکان ئازادییان هەیە هاوسەرەکانیان لە دەرەوەی بازنەی بنەماڵە، خێڵ یان یەکەی کۆمەڵایەتی خۆیان هەڵبژێرن. هۆکاری سەرەکی پشت دروستبونی ئەم شێوازەی هاوسەرگیریی، پاراستنی تەندروستی بۆماوەیی و بەرزبونەوەی هۆشیاریی خەڵک سەبارەت بە زۆربونی نەخۆشییە بۆ ماوەییەکان، ئیتر بۆ خۆ بەدورگرتن لەو بابەتە ئەم جۆرەی هاوسەرگیریی لەو ناوچەیەدا هاتوەتە ئاراوە. هەروەها لە ڕوی کۆمەڵایەتییەوە، هاوسەرگیریی دەرەکی دەبێتە هۆی بەهێزکردنی پەیوەندی نێوان خێڵ و کۆمەڵگا جیاوازەکان و پەرەپێدانی ئاڵوگۆڕی کولتوری لە نێوانیاندا(سعفان، 1966: 167-168).

بەپێی سەرەنج و تێبینی ڕاستەوخۆی توێژەر لە چەمچەماڵدا، پەرەسەندنی شێوازی هاوسەرگیریی دەرەکی بەچاوێکی ئەرێنییەوە تەماشادەکریت و خێزانەکان پێشوازی گەرمی لێدەکەن، ئەمەش بەرهەمی ئەو گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و کولتورییانەیە لە کۆمەڵگای کوردی بەگشتی و چەمچەماڵ بەتایبەتی ڕویانداوە. کرانەوەی کۆمەڵگا و پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا، بەتایبەت پەیدابونی ئینتەرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، ڕێگەیان خۆشکردوە بۆ دروستبونی پەیوەندی ڕاستەوخۆ لە نێوان کچان و کوڕاندا، ئەم شێوازەی هاوسەرگیریی وایکردوە دەسەڵاتی خێزان و هۆز بەرەو لاوازی بڕوات هێندە کاریگەرییان نەبێت لە بڕیاردانی هاوسەرگیرییدا. نەمانی زۆربەی ئەو ڕێگرییە کۆنانەی کە لە بەردەم ئازادی تاکەکەسیدا بون، بوەتە هۆی ئەوەی هاوسەرگیریی دەرەکی نەک تەنها زیاتر بێت، بەڵکو پەسەندتر و جێی ڕەزامەندی زیاتری کۆمەڵگاش بێت، ئەمە نیشانەی ئەو گوزەرکردنە کۆمەڵایەتییە، کولتورییەیە کە لە سیستمی نەریتییەوە بەرەو سیستمێکی مۆدێرن و تاکگەرا هەنگاو دەنێت. ئێستا چەمچەماڵ ئەم شێوازەی هاوسەرگیریی تێیدا بەزەقی دەردەکەوێت وەک چۆن نمونەکە جەختی لەسەر دەکاتەوە.

**3- هاوسەرگیریی ژن بە ژن:**

جۆرێکی دیکەی هاوسەرگیریی لە کۆمەلگەی کوردیدا، بە هاوسەرگیریی ژنبەژن ناودەبرێت، مەبەست لە ژن بە ژن ئەوەیە دو خێزان ڕێکدەکەون کچیان بدەن بە یەکتر تا هەریەکەیان لەگەل کوڕی ماڵەکەی دیدا خێزان پێکەوەبنێن. بە جۆرێک ئەگەر پیاوێك خاوەنی کچێك یان خوشکێك بو ویستی ژن بخوازێ و نەیتوانی پێداویستییەکانی هاوسەرگیرییەکەی دابینبکات، یان ئەگەر دەستڕۆیشتو بو، بەڵام نەیەوێت پارە بدات، ئەوە لەگەڵ پیاوێکی دیکەی خاوەن کچ یان خوشک ڕێکدەکەوێت؛ ئیدی هەریەکەیان کچەکەی یان خوشکەکەی دەدات بەوی دی بوئەوەی خێزان پێکەوە بنێن، بەرانبەر بەم ڕێککەوتنە، پارەیەکی کەم بۆ مەسەلەی ژن خواستنەکەیان خەرجدەکەن تا مۆرکێکی شەرعی وەربگرێت (سندی، 2008: 118-119).

بابەتی هاوسەرگیریی بە شێوازی ژن بە ژن، دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە لە چەمچەماڵ مێژویەکی دێرینی هەیە، بەڵام لەم ساڵانەی دواییدا بەرەوە کەمی ڕۆیشتوە. نەریتی ژن بەژن کە تا کۆتایی ساڵەکانی (90) نەوەد بەردەوامی هەبوە لە قەزاکەدا بەشێوەیەکی بەرچاو لای خەڵکی ناوچەکە پەسەند بو، لەسەر بنەمای ئەو بیرۆکەیە دامەزرابو کە نابێت ژن بەبێ بەرامبەر بدرێت بە کەسانی دەرەوەی بنەماڵە. جۆرێکی تایبەتی ئەم نەریتە هاوسەرگیریی (گەورە بە بچوک) بو، کە تێیدا زاوا خوشکێک یان کچێکی بچوکی بنەماڵەکەی خۆی دەدا بە برای بوک، ئەویش تەمەنی بچوک بو، بەمەرجێک دوای چەند ساڵێک هاوسەرگیریی ئەنجام بدرێت، واتە هەردولا گەورەبون. ئەم جۆرە هاوسەرگیرییە زۆرجار دەبوە هۆی کێشەی جددی، چونکە کاتێک ئەو کەسانە گەورە دەبون، لەوانە بو یەکتریان بەدڵ نەبێت، بەڵام لەبەرئەوەی هاوسەرگیریی پێشتر ڕێککەوتبون، ناچاردەبون پابەندبن پێوەی. ئەمڕۆ، لە چەمچەماڵ؛ ئەم نەریتە بەرەو نەمان و کەمبونەوە چوە، بەهۆی هۆشیاربونەوەی تاک و خێزانەکان، بەرزبونەوەی ئاستی هۆشیاری ئاینی، و ئەو پێشکەوتنانەی لە کۆمەڵگا ڕویانداوە، بەتایبەت کەمبونەوەی دەسەڵاتی خێڵ و بنەماڵە لە بڕیاردان سەبارەت بە ژیانی تاکەکان، ئەم شێوازەی هاوسەرگیریی بەرەو لاوازبونە(نامیق، 2025، چاوپێکەوتن).

**4- هاوسەرگیریی خوێنبای (لە جیاتی خوێن):**

ئەم هاوسەرگیرییە واتا پێدانی کچ لە بەرامبەر لێخوشبون لە خوێنی کەسێک کە بە دەستی یە کێک لە ئەندامانی خێزانی ماڵی باوکی کچەکە کوژراوە یان ئاژاوە و ناتەباییەک دروستبوە بۆ مەبەستی ئاشتەوایی و سوڵحی عەشایەریی و کۆتاییهێنان بە گرژی و ناخۆشییەکانی نێوان دو بنەماڵە یان دو خێزان، ناچار کچێک یان زیاتر لە جیاتیی دراوە بۆ کوژاندنەوەی ئاژاوەکە(محمد، 2019: 99). ئەم جۆرە هاوسەرگیرییە لەساڵانی ڕابردودا لە چەمچەماڵ بونی هەبوە و بەشێوەیەکی بەرچاو خەڵکی ئەنجامیاندەدا، وەک ئاماژەی پێکراوە لە سەرەوە، بەهۆی ئەوەی چەمچەماڵ کۆمەڵگایەکی خێڵەکییە و دوژمنایەتی و کێشەی خێزانییەکان تێیدا هەبوە. کاتێک تاوانی کوشتن ڕویداوە و بنەماڵەی بکوژ توانای پێدانی خوێنبایی نەبوە، ڕێگەچارەیەکی جێگرەوە بریتیبوە لە پێشکەشکردنی کچێک یان ژنێک لە بنەماڵەی بکوژ بۆ بنەماڵەی کوژراو. ئەم جۆرە هاوسەرگیرییە بە مەبەستی کۆتاییهێنان بوە بە دوژمنایەتی نێوان دو بنەماڵە یان دو خێڵ؛ وەک ئامرازێک بۆ ئاشتەوایی و چاککردنەوەی پەیوەندییەکان بەکارهاتوە. لە ئێستادا ئەم جۆرە هاوسەرگیرییە نەماوە لە چەمچەماڵ، لەبری بەخشینی کچێک، ئەو کێشانە بە بڕێک پارە چارەسەر دەکرێت.

**5-هاوسەرگیریی شیربایی:**

شێوازێکی دیکەی هاوسەرگیریی لە چەمچەماڵ بریتییە لە شیربایی، ئەم جۆرە هاوسەرگیرییە مارەیی لەلایەن باوکی بوکەوە دیاری دەکرێت. مارەییەکە دەبێت پێشوەختە لەلایەن داواکار یان کەسوکاری زاواوە بدرێت، لەوانەیە لە شێوەی پارەی نەختینەی، یان چەک یان ئاژەڵدا، بێت(خصباك، 1972: 463).

لە چەمچەماڵ دیاردەی هاوسەرگیریی شیربایی وەک بەشێک لە کولتوری کۆن ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبوە. لە ڕابردودا، خێزانەکان کچەکانیان بە بڕێک پارە یان سامان دەدا بەشو، کچ وەک کاڵایەک سەیر کراوەو بێ بەرامبەر نادرێتە خێزانی داواکار. ئێستا، بەهۆی گۆڕانکارییە کولتوری و کۆمەڵایەتییەکان، پێشکەوتنی ڕۆشنبیری و ئاستی هۆشیاری خەڵک لە چەمچەماڵ، ئەم دیاردەیە بەرێژەیەکی بەرچاو کەمی کردوە و نەماوە زۆربەی هاوسەرگیرییەکان لەسەر بنەمای خۆشەویستی و ڕێککەوتنی هەردولا ئەنجام دەدرێن، نەک لەسەر بنەمای بەرژەوەندی ماددی و بازرگانی.

بەپێی سەرەنج و تێبینی و چاوپێکەوتنەکانی توێژەر لە چەمچەماڵ؛ شێوازەکانی هاوسەرگیریی وەکو (ژن بە ژن، خوێنبای، شیربایی) لە ئێستادا، ئەم جۆرە هاوسەرگیرییانە بەشێوەیەکی بەرچاو کەمی کردوە، ڕەنگە بتوانین بڵێین نەماوە. قەزای چەمچەماڵ بەرەو تێگەیشتنێکی نوێ لە پەیوەندی هاوسەرگیریی ڕۆیشتوە لەسەر بنەمای خۆشەویستی و ڕێزگرتنە، ئەمەش نیشانەیەکی باشە بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵگا و گۆڕانی تێڕوانینی خەڵک سەبارەت بە ژنان و مافەکانیان. ئێستا لە چەمچەماڵ زیاتر جەخت لەسەر ڕۆڵی ژنان لە کۆمەڵگا و بەشداریکردنیان لە بوارە جیاوازەکانی ژیان دەکرێتەوە، وەک خوێندن، کار، بەشداری سیاسی، ئەمەش هەنگاوێکی گرنگە بەرەو یەکسانی ڕەگەزی و مافەکانی مرۆڤ. لە کۆمەڵگای توێژینەوە لە ئێستادا؛ شێوازی هاوسەرگریی لە جۆری تاک هاوسەریی و فرەژنییە، بەپێی ئامارێک لە دادگای چەمچەماڵ وەرگیراوە:

**6-تاک هاوسەری:**

واتە کۆبونەوە و پێکەوە ژیانی یەک پیاو و یەک ژن بەناوی هاوسەرگیریی و پێکهێنانی خێزانەوە. لەم جۆرەدا ناکرێت پیاوەکە زیاتر لە یەک ژن و ژنەکەش زیاتر لە یەک پیاوی هەبێت (شوانی، 2017: 93). ئێستا چەمچەماڵ ئەم شێوازەی هاوسەرگیریی تێدا باوە و خەڵکی لەبەر چەندین هۆکاری کۆمەڵایەتی و ئابوری ئەم شێوازەی هاوسەرگیرییان لا پەسەندە.

**7-فرە ژنی:**

فرەژنی بریتییە لە هاوسەرگیریی یەک پیاو لەگەڵ زیاتر لە ژنێک. فرەژنی زۆرتر باو بوە و وەک نیشانەی دەسەڵات و سامان سەیرکراوە، بەتایبەت لەو کۆمەڵگایانەی کە پیاوان پێگەی کۆمەڵایەتی بەرزتریان هەبوە(کۆهین، 2010: 120). فرەژنی لە ڕابردو و ئێستاشدا لە کۆمەڵگای کوردی هەیە، بەڵام فرەمێردی ڕێگەپێدراو نییە. هەروەها هەمو ئاینە باوەکانی ناو کۆمەڵگای کوردی ڕێگای فرەژنیان بە پیاو داوە، بەڵام ڕێگای فرەمێردیان بە ژن نەداوە(ئەمین، 2015: 57). بۆیە لێرەدا تەنها ئاماژە بە فرەژنی دەکەین.

بابەتی کەمبونەوەی دیاردەی فرەژنی لە کۆمەڵگای کوردی بەگشتی و چەمچەماڵ بەتایبەتی چەندین هۆکاری هەیە، بەپێی یاسای هەموارکراوی باری کەسێتی (188)ی ساڵی (1959) و یاسای (15)ی ساڵی (2008) کە لە ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان- هەرێمی کوردستان /عێراق پەسەندکراوە، هێنانی ژنی دوەم کۆمەڵێک مەرج و بەربەستی یاسایی بۆ داندراوە. بۆ نمونە، پێویستە ڕەزامەندی ژنی یەکەم وەربگیرێت، یان دەبێت هۆکارێکی پەسەندکراو هەبێت وەک نەزۆکی ژن، نەخۆشی درێژخایەن، یان نەبونی توانای سەرجێیکردن (ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان (95) لە 2008/12/30). ئەم سنورداركردنانە، لەگەڵ گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەکان، پەروەردە و هۆشیاری زیاتری ژنان، باشتربونی باری

ئابوری خێزانەکان، و گۆڕانی تێڕوانینی کۆمەڵگا بەرامبەر بە فرەژنی، هەمویان بونەتە هۆی کەمبونەوەی ئەم دیاردەیە لە کۆمەڵگای توێژینەوە.

بە گشتی لە کۆمەڵگای کوردی و بەتایبەتی لە چەمچەماڵ، پرسی فرەژنی یەکێکە لە بابەتە هەستیارەکان، ڕەهەندی کۆمەڵایەتی، ئاینی و یاسایی جیاوازی هەیە. سەرەڕای ئەوەی شەریعەتی ئیسلامی ڕێگەی پێداوە بە مەرجی دادپەروەری، بەڵام زۆرێک لە ژنان بەرەنگاری ئەم دیاردەیە دەبنەوە. ئەمەش بوەتە هۆی دروستبونی ئاڵۆزی و کێشەی خێزانی زۆرجار بە جیابونەوە کۆتایی دێت. یاساکانی هەرێمی کوردستان و بونی نوسینگەی بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی دژ بە ژنان، سنوردارکردنی ئەم دیاردەیەی لێکەوتوەتەوە، بۆیە هەندێک کەس ڕو لە دادگاکانی دەرەوەی هەرێم دەکەن بۆ ئەنجامدانی ئەم پرۆسەیە، بەتایبەت دادگاکانی ناوچە دابراوەکان. ئەمەش دەریدەخات کێشەکە تەنها پەیوەست نییە بە بۆچونی کەسی، بەڵکو پەیوەندی بە سیستمی یاسای و بەها کۆمەڵایەتیەکانەوە هەیە، پێویستە هاوسەنگییەک لە نێوان دابونەریت، ئاین و مافەکانی مرۆڤدا دروست بکرێت(نامیق، 2025، چاوپێکەوتن).

بەپێی ئامارێکی فەرمی لە دادگای بەرایی چەمچەماڵ وەرگیراوە. سەبارەت بە تاک هاوسەری و فرەژنی، لەنێوان ساڵانی (2019 -2024) وەک لە خشتەی (1) ڕونکراوەتەوە، ڕێژەی هاوسەرگیریی (10506) لەماوەی ئەو ساڵانەدا و بەردەوام زیادی کردوە، بەڵام تەنیا (6) کەس ژنی دوەمی هێناوە، کە بە شێوەیەکی فەرمی کە لە دادگا تۆمارکراون. ئەمەش دەریدەخات کە تاک هاوسەری ڕو لە هەڵکشانە بەراورد بە فرەژنی، لەبەرئەو هۆکارانەی کە پێشتر باسمان کرد.

**خشتەی (1) ئاماری تاک هاوسەری و فرەژنی قەزای چەمچەماڵ لە نێوان ساڵانی(2019-2024)***

| ژ | ساڵ | تاک هاوسەری | فرەژنی |
|---|---|---|---|
| 1 | 2019 | 1423 | 0 |
| 2 | 2020 | 1492 | 0 |
| 3 | 2021 | 1907 | 3 |
| 4 | 2022 | 1845 | 1 |
| 5 | 2023 | 1871 | 2 |
| 6 | 2024 | 1968 | 0 |
| کۆی گشتی | | 10506 | 6 |

(*)ئەنجومەنی دادوەری، سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچونەوەی ناوچەی سلێمانی، دادگای باری کەسی چەمچەماڵ، ئاماری هاوسەرگیریی و فرەژنی ساڵانی (2019-2024) زانیاری بڵاونەکراوە.

### سێیەم: جیابونەوە:

تەڵاق دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە کە لە کۆمەڵگاوە سەرچاوەی گرتوە. ئەم دیاردەیە لە ئەنجامی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە ناتەندروستەکانەوە دێتە ئاراوە و بە نەخۆشییەکی کۆمەڵایەتی مەرتسیدار ناسراوە، بەو پێیەی بە مانای لەناوچونی هاوسەرگیریی و خێزان و پەیوەندییە بنەڕەتییەکانی کۆمەڵگا دێت(الجنابي، 1983: 16).

کەواتە دەتوانین بڵێین تەڵاق (جیابونەوە) لە کۆمەڵگای توێژینەوە، پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتی و یاساییە تێیدا ژن و مێرد بەشێوەیەکی فەرمی لە یەکترجیادەبنەوە. ئەم دیاردەیە چەندین لایەنی جیاوازی هەیە، لەلایەکەوە کاریگەری دابونەریت

و بنەماڵە و بەهاکانی کۆمەڵگای نەریتی، و لەلایەکی ترەوە کاریگەری یاسای ئیسلامی و سیستمی یاسایی مەدەنی. تەلاق بابەتێکی هەستیارە زۆرجار بەهۆی کێشەکانی نێوان ژن و مێرد، دەستێوەردانی بنەماڵە، بارودۆخی ئابوری، توندوتیژی خێزانی، یان جیاوازی بیرکردنەوە و گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکانەوە ڕودەدات.

هۆکارەکانی جیابونەوە لە کۆمەڵگای توێژینەوە و بەتایبەت دادگای بەرایی شاری چەمچەماڵ، وەک زۆرێک لە شوێنەکانی دیکە، لە کۆمەڵێک فاکتەری کۆمەڵایەتی، ئابوری، کولتوری و دەرونییەوە سەرچاوە دەگرن. دەتوانین هۆکارە سەرەکییەکان بەم شێوەیە دەستنیشان بکەین:

1-فاکتەرە ئابورییەکان و قەیرانی ئابوری لە ماوەی ساڵانی ڕابردودا، هەرێمی کوردستان توشی قەیرانی ئابوری بوە، بەتایبەت بەهۆی کەمبونەوەی بودجە و موچە و قورسی ژیان. ئەمە دەبێتە هۆی گوشاری دەرونی و کێشەی نێوان هاوسەرەکان، کە زۆرجار دەبێتە هۆی جیابونەوە. هەروەها نەبونی کار و داهاتی سەقامگیر بۆ سەرۆک خێزانەکان دەبێتە هۆی کێشەی خێزانی، بەتایبەت لە شارە کەمگەشەکان وەک چەمچەماڵ، کە کەمتر شوێنی کار و دەرفەتی ئابوری تێدایە.

2-فاکتەرە کۆمەڵایەتی و کولتورییەکان و گۆڕانی کۆمەڵگا کۆمەڵگای کوردی بەرەو گۆڕانکارییەکی خێرا چوە، بەتایبەت بەهۆی کاریگەرییەکانی تەکنەلۆژیا، بەتایبەت ئامێرەکانی پەیوەندیکردن و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و ئازادی ژنان و پەرەسەندنی ئازادییە کەسییەکان. ئەم گۆڕانکارییانە زۆرجار دەبنە هۆی ناکۆکی نێوان هاوسەرەکان، بەتایبەت کاتێک یەکێک لە هاوسەرەکان زیاتر پابەندە بە کولتوری کۆن.

3-هاوسەرگیریی لەگەڵ خزم هێشتا باوە، کە زۆرجار دەبێتە هۆی نەگونجانی هاوسەرەکان و بەدواییدا جیابونەوە.

4-تێکەڵی خێزانی و دەستێوەردانی خزم و کەسوکار لە ژیانی هاوسەرەکان، کە لە کۆمەڵگای کوردی باوە، دەتوانێت کێشەکان قوڵتر بکات و ببێتە هۆی ناکۆکی و تەڵاق و جیابونەوە.

5-ئاستی ڕۆشنبیری هاوسەران، نەبونی لێکتێگەیشتن کەمبونی گفتوگۆ و لێکتێگەیشتنی سەرەکی نێوان هاوسەرەکان یەکێکە لە هۆکارە سەرەکییەکانی جیابونەوە. لە ناوچەیەکی وەک چەمچەماڵ، کە زۆرجار کولتوری کۆمەڵایەتی پابەندی کۆنە، گفتوگۆی ئازاد لەنێوان هاوسەرەکان کەمترە.

6-توندوتیژی خێزانی و توندوتیژی جەستەیی یان دەرونی دژ بە ژنان، کە هێشتا لە هەندێک کۆمەڵگای کوردی باوە، یەکێکە لە هۆکارە سەرەکییەکانی داواکردنی جیابونەوە لەلایەن ژنانەوە.

7-ناپاکی هاوسەرگیریی (الخيانة الزوجية) هۆکارێکی تری جیابونەوەی هاوسەرانە بە هۆی لێکتێنەگەیشتن و نەبونی خۆشەویستی.

8-هینانی ژنی دوەم یەکێکی ترە لە هۆکارەکانی جیابونەوەی هاوسەران و تەڵاق، هەرچەندە بەپێی یاسا پێویستە ڕەزامەندی ژنی یەکەم وەربگیرێ بۆ هێنانی ژنی دوەم، بەڵام زۆر جار بەنهێنی ئەوکارە ئەنجامدەدەرێ ئەمەش سەردەکێشی بۆ کێشە دواتر جیابونەوە(یاقوب، 2025، چاوپێکەوتن).

سەبارەت بەجۆرەکانی جیابونەوە(تەڵاق) لە دادگای بەرایی چەمچەماڵ دوجۆرە:

**یەکەم؛ جیابونەوە بەرێکەوتن(تەڵاقی خولع):** پرۆسەیەکی ئاسانکراوە کە لەسەر بنەمای گفتوگۆ و ڕەزامەندی هەردو لا (ژن و مێرد) پێکدێت. لەم پرۆسەیەدا، هەردو لا بە ئازادی و بە بونی شایەد، ڕێکدەکەون لەسەر تەواوی مافە شەخسی و ماددییەکانیان. ئەم شێوازە لە جیابونەوە زۆر جار کێشە و ناکۆکی کەمترە و پرۆسەیەکی خێراترە کە زۆربەی جار بە یەک دانیشتنی دادگایی یەکلادەبێتەوە، بەمەش کات و هەوڵی کەمتر لە هەردو لا دەخوازێت و دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی کاریگەرییە نەرێنییەکانی جیابونەوە. **دوەم؛ جیابونەوە لە دەرەوەی دادگا:** ئەمەش بەدو شێوەیە؛ کاتێک پیاو بەبێ بونی

هۆکاری ڕون، بە بێ ڕەزامەندی ژنەکە یان تەنانەت بەبێ ئاگاداربونی، دەتوانێت ژنەکەی تەڵاق بدات و بە یەک دانیشتنی دادگا تەواو دەبێت. یان بۆ جیابونەوەی لە دادگا، هەردو لا دەتوانن داوای جیابونەوە بکەن، بەڵام زیاتر ژنان ئەو داوایە پێشکەش دەکەن بۆ جیابونەوە کە پرۆسەیەکی ئاڵۆزترە. دادوەر پێویستە تەواو ڕازی بێت بە بەڵگە و زانیارییەکان پێش ئەوەی بڕیاری جیابونەوە بدات بۆئەوەی مافەکانی هەر دولا پارێزراوبێت. ئەم جۆرە جیابونەوەیە زۆر جار کاتێکی زۆری پێدەچێت و سەلماندنی داواکە ئاسان نیيە(یاقوب، 2025، چاوپێکەوتن).

ڕێژەی جابونەوەش لە کۆمەڵگای توێژینەوە، بەپێی ئامارەکانی ساڵانی (2019-2024) لە زیابوندایە بە جۆرێک لەساڵی (2019)دا (156) داوا بوە، بەڵام لە ساڵی (2024)دا بۆ (208)داوا ڕێژەکە بەرزبوەتەوە، بەکۆی گشتیش (1114) داوا هەبوە. ئەمە لە کاتێکدا ئاماری ئەو داوایانەیە کە یەکلابونەوتەوە لە دادگا جگە لەو داوایانەی کاتی زیاتری پێدەچێت و یەشتا یەکلانەکراوەتەوە. وەک لە خشتەی (2) دەردەکەوێت.

**خشتەی (2) ئاماری جیابونەوە و تەڵاق قەزای چەمچەماڵ لە نێوان ساڵانی(2019-2024)***

| ژ | ساڵ | جیابونەوە و تەڵاق |
|---|---|---|
| 1 | 2019 | 156 |
| 2 | 2020 | 131 |
| 3 | 2021 | 195 |
| 4 | 2022 | 220 |
| 5 | 2023 | 204 |
| 6 | 2024 | 208 |
| **کۆی گشتی** | | 1114 |

(*)ئەنجومەنی دادوەری، سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچونەوەی ناوچەی سلێمانی،دادگای باری کەسی چەمچەماڵ، ئاماری جیابونەوە و تەڵاق (2019-2024) زانیاری بڵاونەکراوە.

تەڵاق و جیابونەوە دو ڕێگای یاسایین بۆ هەڵوەشاندنەوەی پەیوەندی هاوسەرگیریی، بەڵام جیاوازییان هەیە. تەڵاق مافێکە لە دەستی پیاودایە، بەڵام جیابونەوە ڕێگایەکە کە ژن دەتوانێت داوا لە دادگا تۆمار بکات بۆ جیابونەوە و وەرگرتنی مافە یاساییەکانی. هەرچەندە جیابونەوە بە کارەساتێک دادەنرێت، بەڵام باشترە لە ژیانێکی ناخۆش و نەستەم. بەداخەوە لە هەرێمی کوردستان ئەم دیاردەیە ڕو لە زیادبونە، زۆربەی کات لەبەر کێشە بچوکەکان کە دەکرێت چارەسەر بکرێن، بەڵام خەڵک ڕاستەوخۆ پەنا دەباتە بەر تەڵاق، کە بەزیانی منداڵەکان تەواو دەبێت. هەندێک کێشە بە قسەی باش و ڕێنمایی چاک دەبن، کە پێویستە لەلایەن کەسانی ڕۆشنبیرەوە بکرێت لەجیاتی توندوتیژی.

**چوارەم: ڕێوڕەسمی هاوسەگیریی:**

لە کۆمەڵگای کوردیدا، دابونەریت و ڕێورەسمی هاوسەرگیریی بەشێکی گرنگی کولتوری نەتەوەییە و بە چەندین قۆناغدا تێدەپەڕێت. دوای تەواوبونی ڕێوڕەسمەکانی مارەبڕین و نیشانکردن، ئامادەکارییەکان بۆ ئاهەنگی گواستنەوە دەستپێدەکات. لە زۆربەی ناوچەکاندا، بەتایبەت گوندەکان، ئاهەنگی گواستنەوە چەند ڕۆژێک دەخایەنێت و بە ڕێوڕەسمی تایبەت دەڕازێتەوە. شاییەکان بە بەشداری خزم و دۆست و ناسیاوان ساز دەکرێن، لەگەڵ گۆرانی و مۆسیقای کوردی، کە کەشێکی گەرم و پڕ خۆشی دەخولقێنێت. جلوبەرگی ڕەنگاوڕەنگی کوردی، خشڵ و زێڕ، خواردنی تایبەت وەک برنج و گۆشت، شیرینی و میوە، هەمویان بەشێکن لەم بۆنە گرنگە(خەلیقی، 1992: 133-138).

بەپێی تێبینی و سەرنج و چاوپێکەوتنەکان و بەشداری ڕاستەوخۆی توێژەر لە ژیانی کۆمەڵایەتی قەزای چەمچەماڵ بەم شێوەیەیە:

**1-چۆنیەتی دۆزینەوەی هاوسەر؛** یەکەم هەنگاوی فەرمییە لە پرۆسەی هاوسەرگیریی. مەراسیمی هاوسەرگیریی هەمیشە گرنگی تایبەتی خۆی هەبوە. ئەم نەریتە بەشێکە لە کۆمەڵگای کوردی و بە تێپەڕبونی کات گۆڕانکاری بەسەردا هاتوە. لە ئێستادا، بەگشتی کوڕ و کچ بە ڕەزامەندی خۆیان هاوسەرگیریی ئەنجام دەدەن، بە لەبەرچاوگرتنی ڕای خێزانەکانیان. بەڵام لە ڕابردودا، ئەمە تا ڕادەیەکی زۆر پێچەوانە بوە و بەپێی قسەی گەورەکان هاوسەرگیریی ئەنجامدراوە. زۆرجار کوڕ و کچ هەر ئاگایان لێنەبوە کە دانراون لەگەڵ یەکتری هاوسەرگیریی بکەن.

ئەرک و مافی دۆزینەوە و هەڵبژاردنی هاوسەر هەر هی کوڕ و خێزانی کوڕ بوە. دوای گەیشتنە تەمەنی هاوسەرگیریی کوڕەکە، ئەندامانی ماڵی کوڕ، بەتایبەتی دایک و خوشکی کوڕەکە و زۆرجار خزمەکانی تریشی، خۆیان بەدوای کچێکدا دەگەڕێن بۆ ئەوەی بیکەنە هاوسەری کوڕەکەیان. یان لەلایەن کوڕەکەوە ڕادەسپێردرێن بۆ دۆزینەوەی کچێک. دوای دۆزینەوەی کچەکە و پرسیاری ماڵی باوک و خزم و کەسوکاریان، ئەگەر بەدڵیان بو، ئەوا پێشنیازی دەکەن بۆ کوڕەکە. یان کوڕەکە خۆی لە ئەنجامی گەڕان بەدوای هاوسەری ژیانیدا، خۆی کچێک دەدۆزێتەوە و دیاری دەکات بۆ ئەوەی بیکاتە هاوسەری خۆی. لەوانەیە کوڕ و کچەکە لە پەیوەندیدا بن یان کوڕەکە هەر تاکلایەنە دیاریکردبێت. کوڕەکە ئەمە بە ماڵی خۆیان ڕادەگەیەنێت یان بە کەسێکی نزیکی دەڵێت بە خێزانەکەی بڵێت. دوای ئەوەی ماڵی کوڕەکە پرسیاری ماڵی کچەکە دەکەن و بەدڵیان دەبن، ئینجا چەند ژنێکی ماڵی کوڕەکە، کەگونجاون بۆ داخوازیکردن دەچنە ماڵی کچەکە و مەبەستی خۆیانیان پێ ڕادەگەیەنن و دەڵێن هاتوین خزمایەتی لەگەڵ ئێوە بکەین، داوای کچەکەتان دەیکەن بۆ کوڕەکەمان. نەریت وایە ماڵی کچەکە ڕێز لەو هاتن و داواکارییە دەگرن و دەڵێن با لای باوکی کچەکە باسی بکەین و پرس بە کچەکە بکەین، دواتر وەڵامتان دەدەینەوە. دوای چەند ڕۆژێک وەڵامی ماڵی کوڕەکە دەدەنەوە ئەگەر ڕازیبون، بە گشتی دوای ڕازیبونی ماڵی کچەکە و ڕێککەوتن لەسەر بڕی مارەیی و مەرجەکان، دەست دەکرێت بە ئامادەکاری بۆ پرۆسەکە. ئینجا چەند پیاوێکی ماڵی کوڕەکە بە شێوەیەکی فەرمی دەچنە داخوازی کچەکە. دوای چەند ڕۆژێکیتر، چەند پیاوێکی ماڵی کوڕەکە مامۆستایەکی ئاینی لەگەڵ خۆیان دەبەن بۆ ماڵی کچەکە و بەپێی شەریعەتی ئیسلام. بەشێوەیەکی گشتی لە ئێستادا ئەو کەسانەی لە کۆمەڵگای توێژینەوە هاوسەرگیریی ئەنجامدەدەن زیاتر چینە خێڵەکییەکەن، چینە خوێنەوارەکە بەهۆی خوێندن و باری ئابوری و ئەو قیرانە داراییەی چەند ساڵێکە لە کوردستان هەیە، بوەتە هۆی گرفت لە سەرجەم سێکتەرەکان بەتایبەت بابەتی دامەزراندن، بۆیە کەمتر هاوسەرگیریی ئەنجامدەدەن(شهلاء، 2025، چاوپێکەوتن).

**2-مارەبڕین:** ئەنجام دەدرێت و کچ و کوڕەکە دەبنە حەڵاڵی یەکتری. مارەیی لە شەریعەتی ئیسلام بە مسقاڵی زێڕ دیاریدەکرێت، بەڵام بەگوێرەی باری دارایی کوڕەکە، داواکاری کچەکە، ڕەوشی ماڵی کچەکە و ڕێککەوتنی هەردو خێزانەکە

دەگۆڕێت. شەریعەتی ئیسلام ڕێگە دەدات بە گونجاندنی بڕی مارەیی بەپێی بارودۆخی تایبەت بە هەر هاوسەرگیرییەک. زۆر جاریش وایە هەر لەو ڕۆژەدا و دوای مارەکردنەکە، شەکراوی پیاوان دەخورێتەوە. دوای ئەوە ڕۆژێکی تر زیاتر لە ماڵی کچەکە دەبێت بە ئامادەبونی کۆمەڵێک لە خزم و دۆستانی هەردو لا، کە بە کارت یان تەلەفۆن بانگهێشت کراون(مامۆستا نجم الدین، 2025، چاوپێکەوتن).

3-**نیشانکردن:** ئەنجام دەدرێت. تێیدا زێڕ بە بوکەوە دەکرێت و ئەڵقە گۆڕینەوە ئەنجام دەدرێت. ئەڵقە(ئەنگوستیلە)یەکی سادەی زێڕ یان زیو لە پەنجە دەکرێت، هێمایەکە بۆ ئەنجامدانی پرۆسەی هاوسەرگیریی. لە کولتوری کوردەواریدا، هەردو هاوسەر ئەڵقە لە پەنجە دەکەن. لە قۆناغی دەزگیراندا، ئەڵقەکە دەخرێتە پەنجەی دەستی ڕاست، بەڵام دوای گواستنەوە و پێکەوە ژیانی هاوسەرەکان، هەردوکیان ئەڵقەکە دەگوازنەوە بۆ پەنجەی دەستی چەپ. زۆرجار ڕۆژێک پێش گواستنەوە ئاهەنگێکی تایبەت لە ماڵی بوک سازدەکرێت بە ئامادەبونی خزم و کەسوکار کە پێیدەگوترێت خەنەبەندان(وشیار، 2025، چاوپێکەوتن).

4-**خەنەبەندان:** مەراسیمێکی تایبەت و پڕ لە شادییە کە زۆربەی کات تەنها بۆ ژنان بەڕێوەدەچێت. ئەم مەراسیمە لە ماڵی کچەکە یان لە شوێنێکی تایبەت بەڕێوەدەچێت و تێیدا ژنانی خزم و کەسوکار و هاوڕێکانی کچەکە کۆدەبنەوە بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی کلتوری و نەریتی خەنە لە دەست و قاچی کچەکە بدەن. ئەم مەراسیمەدا، تائێستاش لە کۆمەڵگای توێژینەوە ئەنجام دەدرێت، تایبەت نییە تەنها بە ژنان و کچان بەڵکو پیاوانیش بەشداری تێدا دەکەن و گۆرانییە نەریتییە کوردییەکان دەوترێن و هەڵپەڕکێ و سەما دەکرێت، و شیرینی و شەربەت و کێکی تایبەت دابەشدەکرێت.

ئیتر لێرە بەدواوە قۆناغی دەستگیرانی دەستپێدەکات کە هەمیشە دەگوترێت تا زوتر بوک بگوازرێتەوە باشترە، واتە قۆناغێکی درێژ نییە. لە ئێستادا لەم ماوەی دەزگیرانییەدا، یەکتر بینینی کچ و کوڕەکە و چونە دەرەوەیان بە تەنیا تاڕادەیەک ئاساییە، بەڵام لە ڕابردودا نەدەبو پێکەوە بچنە دەرێ مەگەر زۆر پێویست بوایە. لەم قۆناغەدا ئەگەر کوڕەکە ماڵی سەربەخۆ دابنێت، ئەوا بەدوای خانودا دەگەڕێت و کەلوپەل و پێویستەکانی ماڵ دەکڕن و ئامادەی دەکەن بۆ ژیان. ئیتر ئەم ماڵە ئامادە دەبێت بۆ ژیان. لێرەوە ئامادەکاری دەکرێت بۆ بوک گواستنەوە. دوای دیاریکردنی ڕۆژی گواستنەوە، وەک پێشتر تەنیا لە ڕۆژانی هەینی بوکی تێدا دەگوازرایەوە، بەڵام ئێستا هەر ڕۆژێک بگونجێت ئاساییە بوک گواستنەوەکەی تێدا ئەنجام بدرێت(هەلاڵە، 2025، چاوپێکەوتن).

5-**گواستنەوە (بوکهێنان):** گواستنەوە یان بوکهێنان یەکێک لە گرنگترین قۆناغی مەراسیمی هاوسەرگیرییە، لەم ڕۆژەدا، کچەکە بە شێوەیەکی فەرمی لە ماڵی خێزانەکەیەوە دەگوازرێتەوە بۆ ماڵی خێزانی کوڕەکە یان ماڵی نوێی خۆیان. ئەم قۆناغە زۆرجار لەگەڵ مەراسیمێکی گەورە و پڕ لە شادی بەڕێوەدەچێت. کچەکە بە جلوبەرگی بوکێنی کە زۆرجار سپی یان جلی کوردی بەشێوەیەکی تایبەت دیزاینکراوە خۆی ئامادەدەکات، و کوڕەکەش بە جلوبەرگی کوردی یان جلی فەرمی خۆی ئامادە دەکات. لەم ڕۆژەدا، کە ئەمەش لەگەڵ گۆرانی و هەڵپەڕکێ و زوڕنا و دەهۆڵ بەڕێوەدەچێت، ئەمەش بەشێکی گرنگی مەراسیمەکەیە و زۆرجار لە هۆڵەکانی ئاهەنگ یان شوێنە گشتییەکاندا یان ماڵدا بەڕێوەدەچێت. لەم ئاهەنگەدا، خزم و کەسوکار، هاوڕێکان و دراوسێکان کۆدەبنەوە بۆ ئەوەی شادی هاوسەرگیرییەکە هاوبەش بکەن. (گوڵەباخ، 2025، چاوپێکەوتن)


**سەبارەت بە جلی بوکێنی و ڕازاندنەوەی ئۆتۆمبێلی بوک و زاوا؛** لە کلتوری کوردیدا، جلوبەرگی بوکێنی و ڕازاندنەوەی ئۆتۆمبێل گرنگییەکی تایبەتیان هەیە لە ڕۆژی گواستنەوەدا. جلی بوکێنی مارەبڕین بەشێوەی گشتی ڕەنگی سپی بەکاردێت بەپێی مۆدێل و جۆرەکەی دەگۆڕێت، لەچەمچەماڵ زۆربەی جلەکان لە وڵاتانی وەکو ئێران، تورکیا و میسر هاوردەکراون.

نرخی بەکرێدانی جلەکان لە(20)هەزارەوە دەستپێدەکات تاوەکو(250) هەزار دینار ئەمەش بەپێی تازەیی و کۆنی و مۆدێلی جلەکە دەگۆڕێت. لە قەزای چەمچەماڵدا داواکاری لەسەر جلی بوکێنی داپۆشراو و حیجاب زیاترە، لەکاتێکدا جلی خەنەبەندان زۆرتر بە ڕەنگی سور دەبێت و جلی مارەبڕینیش بەشێوەی گشتی جلی کوردی نەریتییە. جێی ئاماژەیە کە هەندێک جار بەهۆی جیاوازی بیروڕای بوک و زاوا و کەسوکاریان، و کاریگەری تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان، گرفت لە هەڵبژاردنی جلوبەرگەکەدا دروست دەبێت. بەڵام لە کۆندا جلوبەرگی بوکێنی جلی کوردی بوە و لەکاتی گواستنەوەش ئۆتۆمبێل نەبوە یان زۆر کەمبوە زیاتر بە ئەسپ بوک گوازراوەتەوە بەتایبەت لە گوندەکان. (نەجات، 2025، چاوپێکەوتن). هەروەها ڕازاندنەوەی ئۆتۆمبێلی بوک و زاوا گرنگییەکی زۆری پێدەدرێت و زۆربەی جار ئۆتۆمبێلی مۆدێل بەرز بەکاردەهێنن، بە نوسین و ڕەمزی تایبەت دەڕازێنرێتەوە وەک(خەسوم نیشتیمانمە، بای بای سینگڵی، بەرەو ژیانێکی نوێ) بەم وتانە گوزارشت لە سۆز و هەستی ئەو ڕۆژە تایبەتە دەکەن(حسێن، 2025، چاوپێکەوتن).

**6-پاشتێلانە (ئەداخ):** دوای تەواوبونی مەراسیمە فەرمییەکانی هاوسەرگیریی، چەندین نەریتی تر هەن. یەکێک لەوانە سەردانی بوکەیە، خێزانی کچەکە و خزمە نزیکەکان سەردانی ماڵی نوێی بوکەکە دەکەن بۆ ئەوەی بزانن کچەکە لە ژینگەی نوێدا خۆشدەگوزەرێنێت. دیاری تایبەتی پێشکەش دەکەن، ئەم سەردانییە خزمەکانی بوک و زاوا بەیەکەوە سەردانی ماڵی بوک و زاوا دەکەن، بەڵام لە کۆندا ئەم نەریتە لە دوای تێپەڕبونی هەفتەیەک لە هاوسەرگیرییەکە ئەنجامدراوە، دیارییەکانیش زیاتر بریتیبوە لە پارە وەکو هاوکارییەک بۆ بوک و زاوای تازە(خاتون، 2025، چاوپێکەوتن).

**7-باوەخوند:** دابونەریتێکی کۆمەڵایەتی کوردییە کە ڕیشەی قوڵی لە کولتوری کوردیدا هەیە. لە کۆندا، دوای بوک گواستنەوە و تێپەڕبونی سێ ڕۆژ، زاوا هاوسەرەکەی دەبردەوە ماڵی باوکی بۆ سەردان. ئەم نەریتە بەتایبەت لەو خێزانانەی کە بە شێوازی ژن بە ژن هاوسەرگیریان ئەنجام دابو زۆرتر پەیڕەو دەکرا، بەڵام لەنێو خێزانی ئاساییشدا بە شێوازی جیاواز بەڕێوە دەچو. مەبەستی سەرەکی لەم نەریتە، بەهێزکردنی پەیوەندی خزمایەتی و نزیککردنەوەی خێزانەکان بوە لە یەکتر. ئەمڕۆش ئەم نەریتە بەردەوامە، بەڵام زۆربەی جار دوای هەفتەیەک ئەنجام دەدرێت، و وەک هۆکارێکی گرنگ بۆ پتەوکردنی پەیوەندی نێوان خێزانەکان و دڵنیابون لە بەردەوامی خۆشەویستی و ڕێزی نێوانیان تەماشا دەکرێت(شوکریە، 2025، چاوپێکەوتن).

وێنە(1)ئاماژەیە بۆ ڕۆژی شەکراوخواردنەوە - وەرگیراوە لە فۆتۆگرافەر(کەویار) لە 2025/5/2



وێنەی(2)پێداویستییەکانی خەنەبەندان- وەرگیراوە لەفۆتۆگرافەر(کەویار) لە 202/5/2



وێنەی(3)

جلوبەرگی بوکێنی و مارەبرین- لەلایەن توێژەوەرە گیراوە لە 2025/4/29




وێنەی(3) ڕۆژی ئاهەنگ و گواستنەوە - وەرگیراوە لەفۆتۆگرافەر(کەویار) لە 202/5/2



وێنەی(4) ئۆتۆمبێلی بوک و زاوا- وەرگیراوە لەفۆتۆگرافەر(کەویار) لە 202/5/2






وێنە(5)واژۆکردنی بەڵێننامە لەڕۆژی مارەبڕین- وەرگیراوە لە فۆتۆگرافەر(کەویار) لە 2025/5/2

وێنە(6)ئاماژەیە بۆ ڕۆژی مارەبڕین- وەرگیراوە لە فۆتۆگرافەر(کەویار) لە 2025/5/2




وێنە(7)کێک وشیرینی ڕۆژی گواستنەوە- وەرگیراوە لە فۆتۆگرافەر(کەویار) لە 2025/5/2



**ئەنجامەکانی توێژینەوەکە:**

1-هاوسەرگیریی ئاسایی باوترین شێوازە لە چەمچەماڵ، لە کاتێکدا جۆرەکانی وەک ژن بە ژن، گەورە بە بچوک و تۆڵەی خوێن، تەنها لە مێژوی کۆنی ناوچەکەدا هەبون و ئێستا نەماون.

2-خەڵکی ناوچەکە پابەندی نەریتەکانی باو و باپیرانیانن تائێستا، بەڵام فۆرمی ڕێورەسمەکانی هاوسەرگیریی لەگەڵ گۆڕانە کۆمەڵایەتیی و کولتورییەکان، گۆڕانیان بەسەرداهاتوە، نەوەی نوێی چەمچەماڵ کاریگەربون بە گۆڕانە جیهانی و لۆکاڵییەکان.

3-جیاواز لە ڕابردو، کە باوان ڕۆڵی سەرەکییان لە هەڵبژاردنی هاوسەردا هەبو، ئێستا زۆرینەی گەنجان خۆیان هاوسەرەکانیان هەڵدەبژێرن.

4-نەریتی نوێ لە بواری دیزاین و ڕازاندنەوەی شوێنی ڕێورەسمەکانی هاوسەرگیریی و و جلوبەرگی هاوسەرگیریی سەریهەڵداوە.

5-خەنەبەندان هێشتا بەردەوامە، بەڵام بە شێوازی نوێ، هەروەها مەراسیمی پاشتێڵانە (ئەداخ) گرنگی خۆی پاراستوە، بەپێی توانای خێزان دیاری تایبەت یان پارە بۆ هاوسەران دەبردرێت.

6-بەپێی ئەو ئامارانەی لەدادگای چەمچەماڵ وەرگیراوە ڕێژەی جیابونەوە لە زیادبوندایە، ئەمەش بەهۆی ئە گۆڕانکارییەکانەی بەسەر کۆمەڵگای توێژینەوەدا هاتوە.

**ڕاسپاردەکانی توێژینەوەکە:**

1-بە دۆکیومێنتکردنی دابونەریتەکانی هاوسەرگیری یەکێکە لە گرنگترین ڕێکارەکان بۆ پاراستنی کولتوری کوردی لە ڕوی مێژوی، کۆمەڵایەتی و ئاینیەوە. ئەم پرۆسەیە یارمەتیدەر دەبێت بۆ ناسینەوەی ناسنامەی نەتەوەیی و پەیوەندی نێوان نەوەکان.

2-گرینگیدان بە پشتگیری دارایی لەڕێگەی دروستکردنی سندوقێکی تایبەت بۆ پێدانی قەرز بە هاوسەرانی نوێ، بۆ کەمکردنەوەی بارگرانی دارایی لەسەر گەنجان تا ببێتە هاندەرێک بۆ ئەنجامدانی هاوسەرگیریی.

3-گرنگیدان بە لایەنی تەندروستی هاوسەران بە جۆرێک پشکنینی تەندروستی پێش هاوسەرگیریی ببێت ئەرکێکی یاسایی بۆ پاراستنی تەندروستی نەوەکانی داهاتو و کۆمەڵگا.

پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری هۆشیاری و ڕێنمایی بۆ ژیانی هاوسەرگیریی بە کردنەوەی نوسینگەی تایبەت بە ڕاوێژکاری هاوسەرگیریی، لە ڕێگەی پسپۆڕانی دەرونناسی، کۆمەڵناسی و شارەزایانی بواری خێزان.

**پێشنیارەکانی توێژینەوە:**

1-هەوڵبدرێت توێژینەوەی زیاتر بکرێت لەسەر ئەم مەراسیمە بۆ ئەوەی ئەو کولتورە لە گۆمەڵگا بەردەوام بێت و بەزیندویی بمێنێتەوە.

2-هەوڵبدرێت توێژینەوەی گشتگیرتر لەبارەی هاوسەرگیریی لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان بەگشتی و چەمچەماڵ بەتایبەتی بکرێت.

**سەرچاوەکان:**

ایزاروآخرون، بیار بونت و میشال (2011) معجم الاثنولوجیا والانثروبولوجیا، ترجمة مصباح الصمد، المؤسسة الجامعیة للدراسات والنشر، طبعة الثانیة، لبنان، بیروت.

النوري، د. قیس(1982) المدخل الى علم ألانسان، الطبعة الاولى، بغداد، العراق.

العثمان، د.وسام(2002) المدخل الى الانتروبولوجيا، الأهالي للطباعة والنشر والتوزيع، الطبعة الاولى، دمشق، سورية.
الجنابي، عائدة سالم محمد(1983) المتغيرات الاجتماعية والثقافية لظاهرة الطلاق، مع دراسة ميدانية لظاهرة الطلاق في مدينة بغداد، وزارة الثقافة والاعلام دائرة الشؤون الثقافية والنشر، دار الحرية للطباعة، بغداد.
ئەمین، نەوشیروان مستەفا(2015) بەدەم ڕێگاوە گوڵچنین و چەند بابەتیکی کۆمەناسی، کتێبی یەکەم، بەرگی دوەم الدار العربیة للعلوم ناشرون، لبنان.
ئەنجومەنی دادوەری، سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچونەوەی ناوچەی سلێمانی، دادگای باری کەسی چەمچەماڵ، ئاماری هاوسەرگیریی و فرەژنی ساڵانی (2019-2024) زانیاری بڵاونەکراوە.
د.خەلیل، عومەر(2007) کۆمەڵناسی خێزان، وەگێڕانی ئارام ئەمین شوانی، دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، دهۆک.
خصباك ،شاكر (1972) الأكراد دراسة جغرافية اثنوغرافية، مطبعة شفيق، طبعة 1، بغداد.
خەلیقی، د.حوسێنی(1992)کۆمەڵناسی کوردەواری، بەرگی دوەم، چاپخانەی الحوادث، بغداد.
حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەنجومونی وەزیران، ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان ژمارە (95) لە (2008/12/30 ).
سليم، د.شاكر مصطفى(1981)، قاموس الانتروبولوجيا، انكليزي- عربي، الطبعه الاولى، الكويت.
سعدی، ئالان صلاح (2022) ناحیەی تەق تەق توێژینەوەیەکی ئەنترۆپۆلۆژییە، تێزی دکتۆرا، بڵاونەکراوە، بەشی کۆمەڵناسی، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر.
سندی، پرۆفیسۆر بەدرخان (2008) کۆمەڵگای کوردی لە دیدی ڕوژهەڵاتناسیدا، وەرگێڕانی د.ئسماعیل ئیبراهیم سەعید، دەزگای مەکریانی، چاپخانەی خانی، دهۆک.
سعفان، الدكتور حسن شحاله(1966) علم الانسان (الأنثروبولوجيا) منشورات مكتبة العرفان المطبعة التجارية، بيروت.
شوانی، محمد حسێن(2017)بنچینەکانی ئەنترۆپۆلۆژیای گشتی، بەرگی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی کۆمەڵناسان و دەروونناسانی کوردستان، چاپی یەکەم، هەولێر.
کۆهین، بروس(2010) سەرەتایەك بۆکۆمەڵناسی، وەرگێڕانی هێمن شەریف، چاپخانەی چوارچرا چاپی یەکەم، سلێمانی.
محمد، دارێژ وریا (2019) ڕانیە توێژینەوەیەکی مرۆڤناسیە، نامەی ماستەر بڵاونەکراوە، بەشی کۆمەڵناسی، کۆلێژی زانستە مروڤایەتیەکان، زانکۆی سلێمانی.

## چاوپێکەوتنەکان:

شوکریە رضا قادر(2025/3/12) ژنیماڵەوە.
شهلاء محمد احمد(2025/4/5) ،ڕێنمایکاری پەروەردەیی و دەرونی.
حسێن قادر ڕەحمان(2025/4/29) ،خاوەنی دوکانی خۆشنوسی و ڕازاندنەوەی ئوتۆمبێلی بوک.
خاتون علی نادر (2025/3/15) ژنی ماڵەوە.
گوڵەباخ محمد نجم(2025/5/1) ژنی ماڵەوە.
نەجات ابراهیم فتاح(2025/4/29) خاوەنی دوکانی جل وبەرگی بوکێنی و مارەبڕین و پێاویستیەکانی.
نامیق غریب حسن (2025/3/10) توێژەری کۆمەڵایەتی.
هەڵاڵە خەڵەف سعید(2025/4/10) مامۆستا.
مامۆستا نجم الدین(2025/5/3) مامۆستای ئاینی.
وشیار کریم محمد(2025/3/14) مامۆستاو خاوەنی دوکانی جوانکاری ئافرەتان.
یعقوب یاخی کاکەویس (2025/6/18) پارێزەی ڕاوێژکار لە دادگای جەمچەماڵ.